
لە کاتی ئاهەنگی هاوسەرگیریی‌اندا برایەکی زاوا بە فیشەک برای بوک دەکوژێت



بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڤیدیۆ و وێنەیان بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا باس لە گریانی بووکەکی لوبنانی کرد دوای ئەوەی براکەی لەلایەن براکەی زاوا کوژرا لەکاتی ئاهەنگی هاوسەرگیریی‌ان دا.

لەو وێنانەی کە بڵاوبۆتەوە، بووکەکە دەردەکەوێت کە جلوبەرگی ئاهەنگ لەبەردا بووە و لە دەخەکی شکدا دەردەکەوێت و ئامادەبووان هەوڵیان دەدا ئارەم و دڵنەوایی بکەنەوە.

بەگوێرەی وردەکارییەکان، برای بووکەکە بەیاری دابوو بە ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ بوک و زاوا، بەڵام براکەی زاوا لەو کاتەدا داواکارییەکەی برای بوکەکەی ڕەتکردۆتەوە، کە بووە هۆی ناکۆکی لەنێوانیاندا، لەناکاو کاتێک میوانەکان لە خۆشی و دەخۆش بوون لەم ئاهەنگەدا، برای زاوا تەقەی لە برای بووکەکە کرد و بووە هۆی گیان لەدەستدانی.

ئاهەنگەکە لە خۆشی و شادییەوە گۆڕا بە پرسەیەکی دڵتەزێن و ئامادەبووان دڵتەنگی خەیان دەربڕی بە ئەو ڕووداوە.